# گرفتەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیزم یا گرفتەکانی بژاری شاعیر!؟

**عادل ئیبراهیم**

کاك بژار ئەم جارە لە بری باسەکانی لە "زنجیرە ئەلقەکانی تیبینیەکانیدا" کەمێ بە خۆیدا چۆتەوە، ناونیشانی باسەکەی کرد بە "تێرامانێك"، دیارە هیدی هیدی گەر وابروات بەدوای تیرامانیدا زیاتر دۆش دائەمینیو تووشی رامان دەبێت.

ئەم برادەرە خەریکە ئەو کیشە فکریانە خۆی بە دەستەیەوە ئەنالینیو گیری خواردووە و وەلامی بۆ نادریتەوە دەیکاتە کیشەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و خەباتی کریکاری.

ماوەیەکە خۆی ماندووکردووە و خەریکی هەندێ مەقولەیە دەیهینیتو دەبیات، ئەمسەرو ئەوسەریان پی دەکات، لە بابەتی "حیزب ئامرازی خەباتی چینی کریکارە...، رابەری جەماعی، ئازادی ئەندامان لە حیزبدا، هوشیار کردنەوەی ئەندامان، بەرزکردنەوەی ئاستی ئایدۆلۆجی سیاسی و ریکخراوەیی چینی کریکار..."، ماوەیەك دلی بە حیزبی تازە خۆش بوو کە پێی وابوو خەریکە فکری راحەت دەبێت، وەلام بەو مەقولانەو رابتەی ئەو مەقولانەی پێ ئەدەنەوە، کەچی ئیستا لەبەرامبەر حیزبی تازەشدا تیا ماوەو بۆی بوە بە تروسکاییەك، لەوە دەچێت زۆریش لەو تروسکاییە دلنیا نە بێت!.

گەر زۆر بەسادەیی سەرنج لە فەلسەفەی بیرکردنەوەی کاك بژار بدەین لە نوسراوەکەیدا، لە دیاری کردنی مەقولەکانو رابتەی ئەو مەقولانە، خۆیمان پێ دەناسینێ لە چ کیژاو واوەیلایەکدا تلاو تل سەرمەقولات ئەدات، دەبینین لەسەرەتادا دەلێت "حیزبی مارکسستی راستقینە، ئامرازی خەباتی چینی کریکارە بۆ شۆرشی کۆمەلایەتی و دامەزراندنی سۆشیالیزم" لە کۆتایی نوسراوەکەشیدا دەگات بەو ئە نجامەی کە " رزگار بون لەو گرفتە گەورەیەی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمو تیهەلکێش بوونەوەی حیزب بە چینی کریکارەوە بەرای کاك بژار، لە ئیستادا، تەنیا لە ریگای رابەرایەتی کردنی بە کۆمەلی (قیادە جەماعییە) حیزبەوە دەبێت". بەه بەه لەم گرفتەو لەم وەلامە مەنتقیە!! ئەمە هەر لە قالبی زهنی کاك بژاردایە و نابێت بە شیعریش.

ئەرێ خەلکینە، کریکاران، کۆمۆنستەکان، ئەمە موشکلەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و خەباتی چینی کریکارە یا موشکلەی کاك بژارو حیزبە تروسکدارەکەیەتی، ئا ئەمەیە بیرکردنەوەی دیالکتیکی کە ئامۆژکاریمان دەکەیت بیری پێ بکەینەوە، ئیوە سەیرکەنو بزانن رابتەی ئەم مەقولانەی چۆن هیناو بەگویا بردی چی لیکردو لە گویەوە سەری پێ قوت کردنەوە، "حیزب ئامرازی خەباتی کریکارە، بۆ ئەوەی خەباتی حیزبی و خەباتی کریکاران لیك دانەبرین، لە ئیستادا تەنیا لەریگای رابەرایەتی کردنی بە کۆمەلی حیزبەوە دەبیت"، ئەترسم رۆژیك کاك بژار بۆ خۆی بەدەست ئەم مەقولانەوە وەك دەرویشەکانی بەر مزگەوتی گەورە بەدیار کۆمپیتەرەکەیەوە حالی لێ بیت!، جا ئەوسا سایتەکان خۆتان بگرن حالتان خۆش دەبیت.

ئازیزم ئەم بۆچونو بیرکردنەوانە، تەنها لە بەر دەرگای دنیا خەیالو ئایدۆلۆژی ووشکی تۆدایە، ئیستا کە دنیای کۆمپیتەریشت بۆ ئیزافە بووە باشتر وایە زیاتر ئاگاداری خۆت بیت!.

ئەم هەموو عەزابو زەحمەتە چییە بە زهنی خۆتت داوە، حەیاتم دنیای هەلسورانی سیاسی و پەیوەندی بە خەباتی کریکارانەوە بە ملیۆن جار فراوانترە لە کۆمپیتەرو ئەو سایتانەی مەقولاتە ووشکەکانتی تیا بلاو دەکەیتەوە، پەیوەندی بە خەباتی کریکارانەوە مەسەلەیەکی سیاسی عەمەلەییە، ئەو حیزبو گروپانەی تۆ بە کۆمۆنستیان نازانیو پیت کریکاری نین، سکتاریستنو هەرچییەك هەن، چ دەستیکی تۆو حیزبەکەتیان گرتووە کە هەر ئیستا بە خەباتی کریکارانەوە ئاویزان بن، گەر راست دەکەن، لەوانە گەرینو برۆن بەلای کاری خۆتانەوە باشتر نییە، دەبا بزانین ئیوە چۆن دەبنە ئامرازی خەباتی کریکاران، هەر خۆت لە بری ئەوەی نەسیحەتی حیزبەکەتو کۆمۆنستەکان ئەکەی، برۆیت لە باری عەمەلیەوە ئەو قسانەی دەیکەیت لە پیشدا هەر بۆ خۆت تاقیان کەیتەوە مەعقولتر نیە، یا تۆ شاعیریکی دل ناسکی ئەهلی هەلسورانی سیاسی نیتو رابەریت پێ ناکریت، ئیستاش بەداخەوە گرفتەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنستی هیزی شیعری تەواو شیواندوی، پرسیار واقعی ئەوەیە، ئەرێ ئەتەوێ رابەر بیت یا ئامۆژکاری رابەرەکان دەکەیت؟، وەلامی ئەم پرسیارە لایەکی گەورە لە کیشەکانت چارەسەر دەکاتو مومکنە حالیشت لێ نەیەت.

کاکی برا ئەوەی کە ئیستا لای تۆ رابەری جەماعی بۆتە ئەساس، بە جیا لە فەلسەفەی بیرکردنەوەت، چەند پرسیاریکی سادەت بەرەو روو دەکەینەوە، ئایا ئەو رابەرانە کین؟، ئەکرێ پیمان بناسینی؟، تواناو ئیمکاناتی تیۆری سیاسیان چەندە؟، بە قەولی خۆت ئایا مارکسیانەو دیالکتیکی بیردەکەنەوە؟، تەجروبەی رابەری خەباتی کریکاریان هەیە؟، خۆیان ئەوەند هوشیارن تا کریکاران هوشیار کەنەوە یا هیندەی تر

**قور دەكەن بەسەرياندا؟، گەر ئەوانە ئامۆژگاری لە زنجيرە ئەلقەكانی تۆ وەرگرن واوەيلا بە حاليان، هەرچەندە ئەكرێ لەو پرسيارانەش بگەريين، بە گويرە زانياری گشتی خۆمان چەند قسەيكی مەنتقی سادە بكەين.**

**ئەو چەند نەفەرەی كە لە حيزبی كۆمۆنستی كريكاری عيراق جيابونەوەو بە ناوی خۆيانەوە حيزبی چە پيان راگەياند، لە ئەزمونی هەلسورانی سياسياندا، كە دەميكە هەن، بەلام لە هيچ شۆينيكدا نەمان بيستووە نمونەی رابەرانی كريكاری بن، هەتا نمونەی هەلسوراويكی كريكاريش نەبون‌و لە جەرگەی ئەو خەباتدا نەهاتونەتە دەرەوە، ئەمە لايەنيكی لايەنيكی ترشيان من ريزم هەيە بۆ يەك بەيەكی ئەو كەسانە وەك كۆمۆنستو ئنسان، بەلام هيچ يەكی لەوانە دەستكەوت، داهينان، پيشرەوی، رابەری لە ئەدەبياتی ماركسی‌و مەنسور حكمەتيان نيشان نەداوەو تا ئيستاش هيچمان لیٚ نەبيستون، مەعلوم نييە چەنديش تيگەيشتون، جا ئەم رابەری جەماعيە چۆن دەكەن، با وا بە فەرز دابنێن تيۆريەكەی تۆ دروستە بۆ رابەری جەماعی، بەلام كاكی خۆم دەبێت ئەو كەسانە بۆخۆيان رابەر بن تا بتوانن رابەری جەماعی بكەن، ئەمە كۆبونەوەی جەماعی‌و هاورييەتی جەماعييە نەك رابەری جەماعی، نمونەی ئەم كيشەيەی تۆ، بزووتنەوەی بنيات نانيش چەند سال نارەحەتيان پيوە كيشاو پرۆسەی رابەری‌و حيزبيان هەر بۆ حەل نەبوو، بۆيە ئيستا گەيشتون بە وەحدەتو هاوكاری چەپ.**

**چاوەكەم رابەری خەباتی كۆمۆنيزمی كريكاری لە مەيدانی هەلسورانی سياسی‌و جيگای ئعتمادی جەماوەری كريكارانە نەك لە مەقولەكانی تۆو گەران بەدوای وەلام بە مەقولەكانی تۆ.**

**جا هەر بەو دەليلانە ئەو رابەرانەی حيزبە تازەكەی تۆ جەماعی بن يا فەردی نەك تروسكايی نين بە لكو دەزووی قرجۆكن، لە هەر گرێيەكدا بە ئاسانی ئەقرتێن، هەر ئەو قرچۆكيەشيان بوو لە ريزی حيزبی كۆمۆنستی كريكاری عيراقدا زۆر بە ئاسانی‌و بە بیٚ عەزيەت قرتان.**

**لە كۆتايشدا دەليم بەداخەوە بەگشتی جۆری ئەو رەخنانەی لە كەسان‌و گروپو حيزبە كۆمۆنستەكانی دەگريت، ئەخلاقيانەو نەشياوە، نە زانستيەو نە مەوزوعی، رەخنەكانت وەها دەكەيت كە پرسيارەكان رۆشنن، بەلام وەلامی رۆشن نادەنەوە، بەو ئاكامە دەكەيت كە ئەفرادەكانی نيو بزووتنەوەی كۆمۆنستی بە عەمدی وادەكەن، كەسانی باش نين، ئنتهازيين، سكتاريستن، مەوقعيەت پەرستن‌و زۆر شتی تر لەم جۆرە قسانە، بەلام كەسانيك ئەمرۆ كەمیٚ شارەزاييان بيت لە جۆری رەخنەی مەنسور حكمەت، نەك لەو رەخنە هەليتو بەليتانەی تۆ ناگرن بيزيشی لێدەكەنەوە، جا ئەم جۆرە بيركردنەوانە پيش هەموو شتیٚ لە نيو خەباتی ئيستای كۆمۆنستەكاندا بەسەر شەخسيەتی خۆتا بە سلبی دەشكيتەوە، بەداوای ليبوردنەوە دەليم، پيوستت بەوە هەيە زياتر لە مەنسور حكمەتو ميسۆدی ئەو تیٚ بگەيتو تا بتوانيت بيری پیٚ بكەيتەوەو كاری پیٚ بكەيت. تۆ هەر تەنها وەك مەقولەيەكی گشتی تەنها كريكارو بۆرجوازی دەبينی كە بۆ چەندين سال كۆمۆنستەكانی پيش مەنسور حكمەت بەكاريان دەهينا، بەلام لە دنياو تەجروبەی خەباتی سياسی مەنسور حكمەتدا باس لە بزووتنەوە كۆمەلايەتيكانەو خەباتی كۆمۆنيزمی كريكاريە لە نێو ئەو بزووتنەوانەدا، كە ئەمە لە سستمی فكری تۆدا جيگای نەبۆتەوە.**